# ئۆکراینا خاڵی وەرچەرخانی سیستەمی نێودەوڵەتییە

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

**تەحسین وسو عەبدوڵڵا - نوسەر و مامۆستای زانکۆ**

**بەرایی**

ئەگەرچی لە دوای نەمانی سیستەمی دوو جەمسەری سەردەمی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جیهان کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی بەخۆوە بینیووە لە ناوچە جیا جیاکانی جیهان، بەشێک لە قەیرانەکان رەهەندی جیهانییان هەبووە، بەڵام ئاستی مەترسی هیچ قەیرانێک لەدوای جەنگی سارد بە قەد قەیرانی ئۆکراینا مەترسیدار نەبووە، ئاستی مەترسیداربوونی ئەم قەیرانە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە زلهێزە جیهانییەکان راستەوخۆ وابەستەن بە پرسەکە نەک بەشێوەی وەکالەت، دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانەش جیاوازتر دەبێت لە دەرئەنجامی قەیرانەکانی دیکە.

ئەگەر قەیرانەکانی دیکەی جیهان، بۆ نموونە وەک قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سوریا، یەمەن، لیبیا)، ئاسیای ناوەڕاست (قەرەباغ) کاریگەرییەکانیان لە چوارچێوەی ناوچەیەکدا بن، بەڵام لێکەوتەکانی قەیرانی ئۆکراینا کاریگەری بەسەر تەواوی سیاسەتی جیهان و هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتییەکان دەبێت.

## نارەزایەتی رووسیا لە سیستەمی تاک جەمسەری

دوای هاتنی ڤلادمیر پووتین دەسەڵات لە ساڵی 2000 ئاراستەی گشتی سیاسەتی رووسیا بەرووی جیهان لە چوارچێوەی چەند بنەمایەک خرانەروو کە دەکرێت وەک "پرەنسیپەکانی پووتین – Putin's Priciples"، بەپێی ناوەرۆکی پرەنسیپەکانی پووتین، سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لەسەر ئاستی جیهانی پێویستە بچێتە قۆناخێک کە جیاوازتر بێت لە ماوەی دوای جەنگی سارد، واتە (1990-2000)، پووتین پێیوابوو دەبێت رۆڵ و پێگەی رووسیا وەک زلهێزێک بگەرێتەوە نێو گۆرەپانی سیاسەتی جیهانی، بەو مانایەی لە سیستەمی جیهانی دوای جەنگی سارد کە بە بەشێک لە پسپۆر و توێژەران بە سیستەمی تاک جەمسەرییان ناوزەند کردووە، پووتین نارازی بوو لەم رووانگەیە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نابێت جیهان بچێتە ژێر باڵی تەنیا یەک زلهێزی جیهانی. ئەمەش وەک ئاماژەیەکی روون گوزارشت بوو لە نارەزایی پۆتین لە سیستەمی تاک جەمسەری بە سەرکردایەتی ئەمریکا. لەم چوارچێوەیەدا پووتین هەوڵیدا دووبارە رۆڵی مۆسکۆ وەک

زلهێزێکی جیهانی دووبارە بگەڕێنێتەوە بۆ شانۆی ڕووداوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم هەوڵ و کۆششانەی پووتین وەک ڕێگەنەدان بوو بە فەرامۆشکردنی ڕووسیا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی. لێرەدا دەکرێت لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی پووتین چەند رەگەزێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا دەستنیشان بکەین لەوانە (**1**):

1- ئەگەر پەیمانی ئەتلەنتیکی باکوور (North Atlantic Treaty Organization “ NATO”) بەردەوامبوو لە فراوان بوون بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە ئاراستەی ڕووسیا، ئەوا مۆسکۆ کاردەکات بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو کۆمارانەی لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو درووست بوونە، ئەمەش لە پێناو بەرگریکردن لە ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندییە ژیارییەکانی خۆی.
2- نارازیبوونی ڕووسیا لە دژی سیستەمی تاک جەمسەری جیهانی، لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت ئەمریکا کاریکردووە بە ئاراستەی سیستەمی تاک جەمسەری جیهانی، ئەمە بەلای ڕووسیاوە جێگەی پەسەند نییە، بۆیە پووتین هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەردەوام نەبێت، سەرەڕایی نارازی و جیاوازییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام لە هەندێک بابەت و پرسی نێودەوڵەتی پووتین پاڵپشتی لە هەماهەنگی دەکرد لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەت لە کەیسەکانی سنووردانان بۆ خۆ پرچەککردن.
3- مۆسکۆ پەیوەندییە دوو لایەنە و دۆستایەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی وەک چین، ژاپۆن و هیندستان لە ڕۆژهەڵات بەهێز دەکاتەوە، لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئاسایش بەرژەوەندییەکانی خۆی.

## قەیرانی ئۆکراینا

دوای وەرگرتنی سەربەخۆی ئۆکراینا لە دەرئەنجامی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئاستی دەرەوە لەگەڵ ئیمپریالی ڕووس پچراند و بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئاراستەی سیاسەتی بەرەو تێکەڵبوون لەگەڵ ڕۆژئاوا پەیرەوکرد.

لە سەرەتای ساڵی 2014 لە کیڤی پایتەختی "ئۆکراینا" خۆپیشاندانی گەورە بەڕێوەچوو و داوای دەست لەکارکێشانەوەی "ڤیکتۆر یانۆکۆڤیتچ" و کۆتاییهێنان بەو ڕێککەوتنەیان دەکرد کە لەگەڵ ڕووسیا کردبووی، ئەو بزووتنەوەیە بەناوی شۆڕشی مەیدان بوو. بەهۆی ئەم شۆڕشە "ڤیکتۆر یانۆکۆڤیتچ" هەڵهات بۆ ڕووسیا و پارتی مەیدان دەسەڵاتی گرتە دەست. ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش "ئەمەریکا" پشتگیریی ئۆکرایانای دەکرد. وەک کاردانەوەیەک مۆسکۆ دوای ئەوەی پارتی مەیدانی نزیک بە ئەوروپای یەکگرتوو و ئەمەریکا حوکمی گرتە دەست، لە دوو ناوچەی نزیک ڕووسیا دەستیانکرد بە خۆپیشاندان، ئەوانیش؛ لە ناوچەی دۆنباس کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا لەسەر سنووری ڕووسیا لە دۆنباس و لە نیمچە دوورگەی کریمیا (قەرم). لە ساڵی 2014 لایەنگرانی "ڕووسیا" دەستیان بەسەر پەرلەمانی کریمیادا گرت و ریفراندۆمێک ڕێکخرا، لە کریمیا 95٪ داوایانکرد بە ڕووسیاوە ببەسترێنەوە و بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ لەناو فیدراسیۆنی ڕووسی. ڕووسیا

دەستی بەسەر هەموو دامودەزگاکان و چەک و سووپای ئۆکرانینا دا گرت کە لە کریمیا بوو، بەتایبەتی لە پاپۆڕەکانی دەریایی ئۆکراینی. "رووسیا" تاوەکو زیاتر قوڕگی ئۆکراینا بگرێت و بیخنکێنێ لەگەڵ "تورکیا" ڕێککەوت تا بۆری گاز بە تورکیادا ببات بەرەو ئەورووپا کە پێشتر تاکە ڕێگەی گازی "رووسی" بۆ ئەوروپا بە ئۆکرایندا دەڕۆیشتی. ئۆکرانیا و زۆربەی وڵاتان لە ئەوروپای یەکگرتوو و ئەمەریکا ئەم دەنگدانەیان رەتکردەوە و بە ساختەیان لە قەڵەمدا و گوتیان دەستی رووسیای تیادا بووە. تاوەکو ئێستا وڵاتان و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کریمیا هەر بە بەشێک لە ئۆکرانینا دەزانن و ستاتووەکەی نەگۆڕاوە. لەوکاتەوە چەندینجار لایەنە ناکۆکەکان کۆبوونەتەوە بە ناوبژیوانیی وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی هەوڵەکانی (فەرەنسا و ئەڵمانیا) لەلایەن و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان لەلایەکی دیکەوە، بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان ، و گەڕانەوەی سەقامگیری بێ ئاکام مانەوە، بەم جۆرە ناکۆکییەکان تاوەکو ئێستا هەر بەردەوامیان هەیە هەردوولا یەکتری تۆمەتبار دەکەن. لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ دەزگای ناوەندی هەواڵگریی ئەمریکا "سی ئای ئەی" ڕایگەیاند؛ کە رووسیا 175 هەزار سەربازی لەسەر سنوری ئۆکراینا کۆکردۆتەوە هەرچۆنێك بێت ئەگەری ئەوە هەیە لە ساڵی داهاتوو واتە ٢٠٢٢ نیوەی ئەم هێزەی بۆ پلانی هێرشکردن ئامادە دەکات. ئەمەش وەک ئاماژەیەکی مەترسیداری هەڵگیرسانی جەنگ و داگیرکردنی ئۆکراینا لەلایەن رووسیاوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، سەرەرایی ئەوەی ئەم ویستە لەلایەن مۆسکۆ رەتکراوەتەوە (٢).

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکراینا :**

**یەکەم: هۆکاریی مێژوویی،** لەدوای سەربەخۆی ئۆکراینا ناکۆکییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ سەریهەڵداوە، ئەمەش پەیوەندی بە ڕووانگەی دەسەڵاتی سیاسی هەردوو دەوڵەت و پێکهاتەی ئۆکرایناوە هەیە کە بەشێکی پێکهاتووە لە رووسەکان، مۆسکۆ هەمیشە بە چاوی رابردوو سەیری ئۆکراینا دەکات، کە بەشێک بوو لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بۆیە ئەم ناکۆکییانەش بەبێ چارەسەری مانەوە، بە جۆرێک کەڵەکەبوون و گەیشتنە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەمانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆییان بە مێژووەوە هەیە.

**دووەم: هۆکاری ئاسایشی سنوورەکان،** ململانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات (بەسەرکردایەتی رووسیا) و ڕۆژئاوا (بەسەرکردایەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاو) دەربارەی ئۆکراینا پەیوەندی بە بابەتی ئاسایش و بەرگرییەوە هەیە، مۆسکۆ پێیوایە ئەگەر هاتوو ئۆکراینا بووە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ و بەشێک لە سیستەمی بەرگری ڕۆژئاوا ئەوا بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی جیددی ڕۆژئاواییەکان. هەروەها کاتێک ڕۆژئاواییەکانی پاڵپشتییان لە شۆڕشی پرتەقالی (Orange Revolution) ئۆکراینا کرد لە ساڵی 2004 مۆسکۆ نیگەران بوو و ڕەخنەی توندی ئاراستەی سیاسەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کرد بەوەی کە کاردەکەن بۆ ئەوەی مەترسی و هەڕەشە لە سەر سنوورەکانی رووسیا دروستبکەن، بۆیە رووسیا بابەتی فراوانبوونی هەژموونی ناتۆ لە سەر سنوورەکانی بە هەموو شێوەیەک ڕەتدەکاتەوە.

**سێیەم: هۆکاری جیۆپۆلیتیکی،** ئۆکراینا لەڕووی جیپۆلیتیکەوە هەڵکەوتەکەی بەجۆرێک هەستیارە کە دەروازەی هەڕەشەکانی هەژمار دەکرێت لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و رووسیا، گرنگی جیۆپۆلیتیکی ئۆکراینا لەوەدایە کە

لەنێوان ڕووسیا و ئەندامانی ناتۆ (ئەوانەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو بوونەتە ئەندامی ناتۆ) تاکە دەوڵەتی گەورە دادەنرێت لەڕووانگەی دەروازەی ڕووسیا بەرەو ئەورووپا، هەروەها نزیکەی لە 80%ی گازی سروشتی ڕووسیا لە ڕێگەی ئۆکرایناوە دەڕوان بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا، بۆیە ڕووسیا بەهیچ جۆرێک دەستبەرداری ئۆکراینا نابێت بەوەی کە ببێتە ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ و بچێتە پاڵ سیستەمی بەرگری و ئاسایش و ئابووری لەچوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا.

**چوارەم: هۆکاری سیاسی،** لە دوای وەرگرتنی سەربەخۆی ئۆکراینا لە ساڵی 1991 ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی بەرەو ڕۆژئاوا بووە، ئەم میتۆدەی دەسەڵاتی سیاسی ئۆکراینا لە ڕووانگەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی مۆسکۆوە جێگەی ناکۆکی بووە، یاخود بە واتایەکی دیکە، سیاسەتی بەرەو ڕۆژئاوا – پشتکردن لە ڕووسیا لەلایەن ئۆکراییناوە هەمیشە وەک خاڵی هەڕەشە لەلایەن مۆسکۆوە لێکدراوەتەوە، بۆیە ڕووانگەی سیاسی کێیف لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە بەتایبەتیش دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2014 و هاتنی ڤلادیمێر زیلینسکی بۆ دەسەڵات.

**پێنجەم: هۆکاری ستراتیژی،** لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو مۆسکۆ کاردەکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، واتە ئیمپراتۆرییەتی ڕووس، ئەمەش بەتایبەتی لە پرەنسیپەکانی پووتین بەدیدەکرێت. ئەو پرەنسیپەی مۆسکۆ کاری لەسەر دەکات بریتییە لە "کۆنترۆڵکردنی دراوسێ نزیکەکانی"، بەو مانایەی کە هەژموونی مۆسکۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لێی جیابوونەتەوە. بەپێی ئەم پرەنسیپە ئۆکراینا بە نزیکترین و گونجاوترین دەوڵەت دادەنرێت بۆ ئەوەی مۆسکۆ کۆنترۆڵی بکات. بۆیە یەکێک لە هۆکارەکانی قەیرانی ئۆکراینا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەستراتیژیەتی ڕووسیاوە هەیە لە چوارچێوەی گەڕانەوەی بۆ هەژموونی ڕابردووی وەک ئیمپراتۆرێک.

**شەشەم: هۆکاری ئابووری،** پرسی ئابووری یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرنگەکانی قەیرانی ئۆکراینا، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە ڕووانگە و تێگەیشتنی هەم ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەورووپا، هەمیش ڕووسیا، ئۆکراینا لەڕووانگەی دابینکردنی گازی سروشتی بۆ ئەورووپا وەک دەروازەیەک سەیر دەکرێت، لەبەر ئەوەی لە 80%ی ئەو گازەی کە ڕووسیاوە بۆ ئەورووپا دەڕوات لەڕێگەی ئۆکرایناوەیە، هەرچەندە لەمدوایانەدا ئەو ڕێژە بەرەو کەمبوونەوە هاتووە. جگە لە پرسی گازی سروشتی لە بابەتی کشتوکاڵ و دابینکردنی خۆراك ئۆکراینا وەک سەبەتەی خۆراک بۆ ئەورووپا و ڕووسیا هەژماردەکرێت.

**حەوتەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی،** ئۆکراینا دەوڵەتێکی فرە پێکهاتەیە لەڕووی ئایین، زمان، ڕەگەز و تەنەوە، بەپێی ئامارەکان ڕووسەکان لە 17%ی کۆی پێکهاتەی دانیشتووانی ئۆکراینا پێکدێنن. لەبەشی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا دا ڕووسەکان وەک زۆرینە دەردەکەن، بەتایبەت لەناوچە هاوسنوورییەکان لەگەڵ ڕووسیا. بۆیە ئۆکراینا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابەش بوو لە نێوان دوو ئاراستە، ئاراستەیەک بەرەو ڕۆژئاوا، ئاراستەیەکی دیکەش بەرەو ڕۆژهەڵات واتە بەرەو ڕووسیا، ئەم دوو ڕووانگە جیاوازە ڕەنگیداوەتەوە لە دابەشبوونی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری وکلتوورییەوە. بەم جۆرە ئەم قەیرانی دابەشبوونەوە دوانەیە لەدوای سەربەخۆی ئۆکراینا گەورەترین گرفتە لەبەردەم دەوڵەت بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی هاوبەش.

بۆیە ڕووسیا بەردەوام فاکتەری کۆمەڵایەتی وەک هاندەرێکی سەرەکی هەژمار کردووە بۆ ئەوەی دەست بخاتە نێو ئۆکرایناوە.

## بۆچی ئۆکراینا بۆ ڕووسیا گرنگە؟

لە ڕووانگەی ڕووسیاوە، ئۆکراینا لە چەندین ڕووەوە گرنگی تایبەتی هەیە و بە هیچ جۆرێک ناتوانێت دەست بەرداری بێت، دابڕینی ئۆکراینا لەلایەن ڕۆژئاواوە بەلای مۆسکۆوە بە مانای لە قاوخدان دێت لە بواری سیاسی و سەربازی، ئابووری و بازرگانی، ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکەوە، بۆیە مۆسکۆ بە هەموو تواناکانی خستوتەگەڕ بۆ گێرانەوەی کییف بۆ نێو سیاسەت و ستراتیژییەتی خۆی. لێرەدا دەکرێت، بۆ ئێستا گرنگی ئۆکراینا بۆ مۆسکۆ لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

- بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕووسەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بەلای مۆسکۆوە جێگەی گرنگی پێدانە و بەهیچ جۆرێک دەستبەرداری ئەم خاڵە نابێت.
- دەریای (ئازۆف)ـە، کە لەنێوان ڕووسیا و ئۆکرایندایە و لە بواری ئابووری و سەربازییەوە گرنگیی خۆی هەیە و بەشێکی زۆری کەشتییەکانی ئەوروپا لەو ناوچەیە هاتوچۆ دەکەن.
- لەرووی جیۆپۆلیتیکەوە ئۆکراینا وەک دیوار یان بەربەستێک وایە لەبەرامبەر ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی هەژموون و پێگەی خۆیان لە سنوورەکانی ڕووسیا نزیکتر نەکەنەوە، چونکە ئێستا ناتۆ هاوسنوور نییە لەگەڵ ڕووسیا، بەڵام ئەگەر هاتوو مۆسکۆ ڕێگە بدات بە ئەندامبوونی ئۆکراینا لە هاوپەیمانی ناتۆ. ئەوا ڕۆژئاوا هاوسنوور دەبێت لەگەڵ ڕووسیا(٤).

## گرنگی ئۆکراینا بۆ ڕۆژئاوا چییە؟

بە هەمان شێوە چۆن ئۆکراینا بۆ ڕووسیا گرنگە، بۆ ڕۆژئاواییەکانیش گرنگی تایبەتی هەیە، ڕەهەندەکانی گرنگی ئۆکراینا بۆ ڕۆژئاوا جۆراوجۆرن دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە گرنگییەکەی لە چەند خاڵێکدا پووخت بکەینەوە:

- لە ڕووی کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، زۆرینەی ئۆکراینییەکان خۆیان بە هاوبەش و نزیکی کلتووری ڕۆژئاوایی دەزانن. لە ساڵی 2013 سەرکۆماری ئۆکراینا کە نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ پووتین هەبوو، بە واژوویەک ڕێگەی نەدا، کە ئۆکراینا ببێتە بەشێک لە (یەکێتیی ئەورووپا). خەڵکی ئۆکراینا لە خۆپێشاندانێکدا توانییان نارەزایەتیی خۆیان لە دژی ئەو کردارەی سەرککۆماری خۆیان دەرببڕن و دواتر کەسێکی دیکەی نزیک لە یەکێتیی ئەورووپا، بوو بە سەرۆکی ئەو وڵاتە کە ئەمەش بە لای پووتینەوە هیچ دڵخۆشکەر نەبوو. لەو کاتەوە پووتین دەستیکرد بە پیلان داڕشتن، بۆ زیاتر دوورخستنەوەی ئۆکراینا لە ئەورووپا و داگیرکردنی ئەو وڵاتە.

- لەڕووی جیۆپۆلیتکەوە، ئۆکراینا بۆ ڕۆژئاوا وەک لامپەرێک دەبینیرێت لە بەرامبەر پاوانخوازییەکانی رووسیا بەرەو ئەوروپا. ڕۆژئاوا و بەتایبەت وڵاتانی ئەسکاندەنافیا بە باشی ئاگاداری ئەوەن کە رووسیا لەدوای داگیرکردنی ئۆکراینا، ئامانجی گەورەتری هەیە و دەیەوێت سنوورەکانی خۆی بەربڵاوتر بکات. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، سێ وڵاتی ئەسکەندەنافیا (دانیمارک، نوروێژ و سوید) لەلایەن رووسیاوە زۆر هێرشی (سایبەری و سیخورییان کراوەتە سەر و بگرە زۆر کات لەلایەن فڕۆکەکانی رووسیاوە سنوورییان بەزێندراوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک دژی هێرشی رووسیان بۆ سەر خاکی ئۆکراینا. ئەو وڵاتانە دەزانن بەداگیرکردنی ئۆکراینا لەلایەن رووسیاوە، ئەو وڵاتە زیاتر و زۆرتر لە سنوورەکانیان نزیک دەبێتەوە، بۆیە لەم کاتەدا هەموو ئەو وڵاتانە خەریکی یارمەتیدانی ئۆکراینان لە دژی رووسیا.
- لەڕووی سەربازییەوە، ئەگەر ئۆکراینا ببێتە ئەندامی ناتۆ ئەوروپا و ئەمریکا ئاسانتر دەتوانن ئیحتیوای رووسیا بکەن. یەکەی سەربازی ناتۆ لە دەوڵەتانی لیتوانیا، لاتیڤیا، ئیستۆنا و پۆلەندا بوونیان هەیە کە لەلایەن ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا و ئەڵمانیا بەڕێوە دەبرێن (٥).

## ڤلادیمێر پووتین؛ "بەدەر لەبژاردەی سەربازی هیچ بژاردەیەکی دیکەمان نییە!

ڤلادیمێر پووتین دوای ڕاگەیاندنی دانان بە سەربەخۆی هەردوو هەرێمی لۆهانسک و دۆنیتسک وەک دوو کۆماری سەربەخۆ و دابراو لە ئۆکراینا دواتر دەستپێکردنی هێرشی سەربازی بۆ سەر خاکی ئۆکراینا لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢، قەیرانی ئۆکراینا لە قۆناخی هەڕەشەکردن لەبەرامبەر یەکتر پێی نایە قۆناخی جەنگی ڕاستەوخۆی سەربازی. چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی جەنگەکە ئەوە ڕاگەیاندرابوو کە پووتین هێرشی سەربازی دەکاتە سەر ئۆکراینا، هەندێک ئەمەیان بە هەڕەشەی جیددی وەرگرتبوو و تێگەیشتبوون ئەم هێرشە لەلایەن پووتینەوە ئەنجامدەدرێت. سەرۆکی ئۆکراینا لە پانێڵێکدا لە کۆنگرەی ئاسایشی میونشن لە هەمووان زیاتر دەرکی بە مەترسی هەڕەشەکانی پووتین کردبوو، بۆیە بە ڕوویەکی گلەییەوە گووتی؛ " ئەگەر دەوڵەتانی ئەوروپا مەبەستیانە ڕێگری لە هەڕەشە و داگیرکارییە سەربازییەکانی پووتین بکەن بۆ سەر ئۆکراینا ئەوا پێویستە پێش دەستپێکردنی هێرشەکان سزاکانی سەر رووسیا ڕابگەیەنێن نەوەک دوای دەستپێکردنی هێرشەکان، لەبەرئەوەی ئەو کات سزاکان بەلای ئۆکراناوە زۆر بایەخیان نابێت، چونکە پووتین بڕیاریداوە ئۆکراینا داگیربکات".

لە گوتاری ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی هێرشەکانی مۆسکۆ بۆ سەر ئۆکراینا پووتین زۆر بە ڕوونی و بێ پێچ و پەنا گووتی؛ " ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نەماوە جگە لە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئۆکراینا، بۆیە ئەم هێرشە وەک پرسێکی حەتمییە دەبێت ئەنجامی بدەین، پاراستنی ئاسایشی رووسیا بەندە بە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئۆکراینا و چەککردنی دەسەڵاتی ئۆکراینا و گۆڕینی ڕژێمەکەی". لە میانەی درێژەی گوتارەکەیدا پووتین ڕەخنەی توندی ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەت کرد بەوەی کە ڕێگەیانداوە ئەم دۆخە لە ناوچەکە دروست بێت و دەسەڵاتێکی سیاسی لە ئۆکراینا لەدژی

بەرژەوەندیی و ئاسایشی مۆسکۆ کار بکات. هەروەها هەڕەشەی ئاراستەی ئەو دەوڵەت و لایەنانە کرد کە بەربەست لەبەردەم هێرشەکانی ڕووسیا دروستدەکەن و گووتی؛ "بەڕوونی ئەوە ڕادەگەیەنم کە ئەوانەی بەربەست لەبەردەم هێرشەکانمان دروستدەکەن دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەن بەرەو ڕووی دۆخێکیان دەکەینەوە کە لە مێژوودا ڕووینەدابێت".

**ئەنجام؛** دووبارە ئۆکراینا پەیوەندییەکانی نێوان زلهێزەکان پێناسە دەکاتەوە

دوای هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا پرسیارێکی جیددی هاتۆتە ئاراوە و بۆتە جێگای سەرنجی توێژەر و لێکۆلەروان ئەویش ئەوەیە کە " قەیرانی ئۆکراینا پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان بەتایبەتی زلهێزەکان دووبارە پێناسە دەکاتەوە"، بەجۆرێک پەیوەندییەکان دابەش دەبن بۆ قۆناخی پێش هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و دوای هێرشەکە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئۆکراینا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نێوان زلهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان، بە شێوەیەک ئیدی چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت دوای ئەم قۆناخە بابەتی هاوپەیمانێتییەکان و پەیوەندیی و هاوئاهەنگییەکان بە جۆرێکی دیکە خۆیان پێناسە بکەنەوە (٦).

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم هێرشەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا و نەبوونی کاردانەوەی جیددی لەلایەن زلهێزەکانی دیکەوە دەرخەری ئەوەیە کە ئیدی سیستەمی جیهانی پێویستی بە دووبارە پێداچوونەوە و دابەشکردنی ڕۆڵ هەیە لە نێوان هێزە جیهانییەکان دا.

لەکۆتاییدا، پرسێکی دیکە لەدوای دانانی بەسەربەخۆی دوو هەرێم لە ئۆکراینا و دەستپێکردنی هیرشە سەربازییەکانی مۆسکۆ، هاتتە ئارای میتۆدێکی نوێیە لە سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر نەیار و هاوپەیمانەکانی، بەو مانایەی ئەگەر هاوپەیمانەکان داوای یارمەتی بکەن لە ڕووسیا ئەوا دەتوانێت لەدەرەوەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و بێ گوێدانە سیاسەتی نەیارە جیهانییەکانی بەدەم داواکارییەکانیان دەچێت.

**سەرچاوەکان**

محمد السيد سليم، التحولات الكبرى في السياسة الخارجية الروسية، (2016) منتدى صوت الامة
**https://muntada.sawtalummah.com/showthread.**

(1) تەحسین وسو عەبدوڵڵا، قەیرانی ئۆکراینا لە نێوان گریمانەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرییەکان، (٢٠٢١)، چاوی کورد.
http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=24465&Jor=41&Jor2=5280

(2) موحەمەد ئیسماعیل جەلیل و موخلیس هەبنی حەمەد، قەیرانی ئۆکراینا و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەکێتی ئەوروپا، توێژینەوەی دەرچوون ٢٠١٥، زانکۆی سەڵاحەدین/کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان.

(3) Peter J. Marzalik, Ukraine Conflict: An Inflection Point of International Security, 2015, https://www.e-ir.info/2015/05/02/ukraine-conflict-an-inflection-point-of-international-security/.

(4) جيمس ستافريديس، الغرب واهمية أوكرانيا الجيوسياسية، 2019،
https://www.alittihad.ae/wejhatarticle

(5) Fiona Hill, Russia's Assault on Ukraine and the International Order: Assessing and Bolstering the Western Response, Feb. 2022, https://www.brookings.edu